سەرۆک کۆمار لەمیانی کردنەوەی بەشی عیراق لە ئکسپۆی دوبەی : لەئستادا ژینگە گرنگترین پرسە بە مرۆقایەتی



سەرۆک کۆمار دکتۆر لەتیف جەمال رەشید لە پەراوێزی کارکانی لوتکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە کۆشوهوا (COP28) لە دوبەی سەردانی شاری ئکسپۆی بە پێشانگاکان کرد.

بگوترێی راگەیەندراوکی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک کۆمار لە میانەی سەردانکدا، ئەم شەمە 2-12-2023 بەڕێز سەرۆک کۆمار، بەشی عیراقی لە ئکسپۆ کردەوە و جێختی لەوە کردەوە، کە ئەم بەشە نوێنەرایەتی دەرفەتکی دیکە دکات بە فراوانکردنی ئاسۆی هاریکاری لەگەڵ دەوڵەتی ئیمارات و وڵاتانی جیهان بەشێوەیک، کە بەرژەوەندی هاوبەش بەدەستبهێنێت.

لە سیمینارکی گفتوگۆئامێزیشدا، کە لە بەشی عیراق بەڕێوەچو، سەرۆک کۆمار ئاماژەی بەوەدا، کە عیراق وڵاتکی دەوڵەمەندە بە گەل و شارستانیەت و مێژووکەی و بە سامان و پێگەی دیار و بەرچاوی لە

جیهاندا. جەختی لەسەر بایەخی کردنەوەی ئەم بەشەش کردەوە، کە بە یەکێک لە ئامراز و رایەڵەکانی پەیوەندیکردن دادەنرێت بۆ پتەوکردنی پێگەی عیراق و بەرجەستەکردنی کولتور و فرەچەشنی برایەتی پێکهاتەکانی.

لە وەڵامی کەمەڵێک پرسیار کە لە میانی گفتوگۆکەدا هاتنەئاراوە، بەڕێز سەرۆک کەمار جەختی لەوە کردەوە، کە پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان ئاسایشی ئاو و ئاسایشی خۆراک و وزەدا هەیە، عیراقیش کاری لەپێشینەی هەیە لە روبەڕووبونەوەی ئەم ئاڵنگاریانە.

هەروەها ئاماژەی بە ئەوەکرد، کە پرسی ژینگە لەئێستادا گرنگترین پرسە بە مرۆڤایەتی و تەنها لە وڵاتێکی دیاریکراودا نییە، بەڵکو هەموو جیهان دەگرێتەوە، لەم چوارچێوەیەدا ئەو بەرپرسیارێتییەی رونکردەوە، کە لەئێستەی مرۆڤایەتییە بەرامبەر بە باشترکردنی ژینگە و پێویستی پلاندانان و گرنگیدانی زیاتر پێی بەشەوییەکی بردەوام.

سەرۆک کەمار باسی لەوەکرد، دەرئەنجامی رەفتاری مرۆڤ لەسەر هەسارەی زەوی پەیوستە بە واقیعی ژینگەوە، رونیشیکردەوە کە پشکۆتنی مرۆڤایەتی پەیوستە بە گۆشکردنی واقیعی ژینگەییەوە، بەیە دەبێت هەمووان بەرپرسیارێتی پاراستنی ژینگە لەئێستەبگرن بە دابینکردنی داهاتوویەکی باشتر بە نەوەکانی داهاتوو.

هەروەها جەختی لەسەر پێویستی پشخستنی ڕەوشی کشتوکاڵی جیهانی و بایەخدان بە میکانیزمەکانی کەک وەرگرتن لە ئاوی بەردەست کردەوە، جگە لە پێویستی کەک وەرگرتن لەسەلامەتترین ئامرازەکانی پاشکۆتکردنی وزە بەبێ زیادکردنی ڕژێی پیسبونی ژینگەیی.

سەرۆک کەمار گەشبینی خۆی دەربڕی سەبارەت بەو پلانانەی عیراق پەیڕەوی دەکات لە ماماڵەکردن لەگەڵ پیسبوونی ژینگەدا، رونیشیکردەوە، کە عیراق بەدەست چەندین کێشە و فشار و شەڕ و توندوتیژی و گەمارۆدان و تیرۆر دەینااند، کە هەموو ئەمانە بونەتەهەی دواکەوتنی لە هەندێک بواردا، بەڵام ئەمە عیراق لە ئاستە جیاوازەکانی ئەمنی و ئابوری و سیاسیدا سەقامگیر و دەستیکردوە بەجێبەجێکردنی پلانەکانی حکومەت لە هەموو بوارەکاندا، کە دیارترینیان بواری ژینگەیە.

سەرۆک کەمار جەختیکردەوە، کە عیراق لەپێناو گەیشتن بە ئەنجامی ئەرێنی بە بەرژەوەندی کەمەگەی نەودەوڵەتی بە گشتی، هاوکار لەگەڵ چوارچێوەی نەودەوڵەتی و هەرەمی، چونکە پرسی ژینگە گرێدراوە بە

هەموو جیهانەوە.

هەروەها رونیکردەوە، کە هەنگاوەکانی عیراق باشن و پشتیوانی بە پاپشتی هەیە لەووی زانستی و تەکنیکییەوە، ئاماژەی بۆشدا، کە بڕپرسیارێتی نێتەوە یەکگرتووەکان لەم بوارەدا بڕپرسیارێتییەکی گەورەیە، نەک تەنها لەگەڵی کۆنفرانس و وەرک شۆپەوە، بەکو لەگەڵی ڕێنمایی و دەرکردنی یاساشەوە، کە بەسەر وڵاتان و حکومەتەکانی جیهاندا بیسپێنن بۆئەوەی واقیعی ژینگەیی و پاراستنی بەجدی لەبەرچاوبگرن، کە خزمەتە بە مرۆڤایەتی.

سەرۆک کەمار جەختی لە پشتیوانی پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو لە سەرانسەری جیهاندا کردەوە، بەوپێیەی ئاو بناغەی ژینگەیە و فاکتەری سەرەکی ژیان و گەشەسەندنمانە، ئاماژەی بە ئەرکی نێتەوە یەکگرتووەکانیش کرد بە گرنگیدان بە پڕۆپەدانی پڕۆگرامی قوتابخانەکان هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانەوە، بە فەرکردنی نەوەکانی داهاتوو بۆئەوەی بناغەکانی پاراستن و باشترکردنی ژینگە بەردەست بخرێت.

سەرۆک کەمار باسخی پشتیوانی ڕەکەوتنی نوێی نێودەوڵەتی سەبارەت بە هاوبەشی لە ئاوی ڕوبارەکان و بەکارهێنانی بە پشتیوزانی و ئاماژەی بۆشکرد، کە عیراق لەئێستادا بەدەست هاوبەشی ئاوەوە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دەناڵێنێت، هەندێکجار هەڕەسوکەوتیان باش و سوپاسیان دەکەین، بەڵام لەکاتێکانی تردا ڕێچاوی پەداویستییە سەرەکییەکانی عیراق لە پشکی ئاو ناکەن، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لە باشترکردنی ژینگە و کشتوکاڵ و ژیان بگشتی لە وڵاتدا. ڕاشیگەیاند؛ بەدنیاییەوە ئێستا عیراق دەستیکردوە بە گۆڕینی ڕێککارەکانی سەبارەت بە بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو لەگەڵی بەمەدرنکردنی شێوازەکانی ئاودێری و گرتنەبەری میکانیزمەکانی پاراستنی ئاو و کەمکردنەوەی پیسبونی.

جەی ئاماژەیە ژمارەیەک لە وەزیران و ئێندامانی ئێنجومەنی نوێنەران و ژمارەیەک لەپرسراو و ڕاوێژکار ئامادەی کردنەوەی بەشی عیراق بون لە ئێکسپۆ.